# هەڵبژاردنی سەندیکای پارێزەران، رووی راستەقینەی حزبەکانی دەسەڵات

***پارێزەر: سەلام مستەفا گەڵاڵی***

selam_m_2003@yahoo.com

پارتە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان بە درێژایی مێژوو خوڵیان کردۆتەوە چاوی راستیەکان و هەمیشە کارو رەفتارە دزێوەکانیان بە دڵ و ئارەزووی خۆیان ئارایشت کردەوە و یاسا بە شێوەی لاستیك و بەرژەوەندی خۆیان بە کاریان هێناوە، هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ داگیر دەکەن بە شێوەیەك کۆت و بەندی سەرجەم ئازادیەکان دەکەن و لە روودا خۆیان دیموکراسی و مرۆڤ دۆست دەردەخەن، گوایە ئەگەر ئەوان نەبن ئیتر وولات گورگان خوارد و دەبێت ئەوانە و ئەوەی تری کە پێویست نیە سەد بارە بکرێتەوە لە رەفتارە دزێوەکانیان چونکە بۆتە شتێکی ئاسایی لەلای هەموو هاوولاتیەکی کورد کە فێڵبازی و دزی و چەواشە کردن بۆتە بنەمای کاری رۆژانەی سیاسیان ئەویش تەنها بەرامبەر بە هاوولاتی و هاونیشتمانیانی خۆیان دەنا بەرامبەر دوژمنان و نەیارانی میللەتەکەمان زەلیل و هەمیشە بە چۆکدا هاتوو دەست لە سینەن، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت باسی لێوە بکەم هەڵبژاردنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستانە کە نزیکەی شەش مانگ دەبێت ئەو سەندیکا بەسەزەمانە دەستا و دەستی پێوە دەکرێت جارێك توافق و تەوازنی هەر دوو حزبی دەسەڵات و جارێکی تر کێبرکێی نێوانیان لەسەر ژوورەکانی پارێزەران لە پارێزگاکاندا دوا جار رۆژی 2007/8/27 و لە ناکاو بڕیاریاندا کە هەریەکە لە لستی پارتی و یەکێتی بە لیستی سەربەخۆ بەشداری پرۆسەکە بکەن، کە تەنها 14 کاتژمێر ما بوو بۆ هەڵبژاردنی ژووری پارێزگای هەولێر، گوایە سەندیکای پارێزەران ئەنجوومەنی باڵا ژمارەی (1132) پارێزەری لە سەرجەم سنووری هەولێر تۆمار کردوە و مافی دەنگدانیان هەیە، بەڵام پێویستە ئەو راستیانە هەموو پارێزەرێك لێ ئاگادار بێت هەر چەندە هەمووشیان راستیەکان دەزانن لە کۆی ئەو 1132 پارێزەرە (187) مافپەروەر لەلایەن نووسینگەی جاسوسی مافپەروەرانی پارتی بە هاوکاری ئەنجوومەنی سەندیکای پارێزەران ناسنامەی پارێزەریان بۆ کراوە بە مەبەستی یەکلا کردنەوەی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن کە لە ناو پارێزەران ئەنجام بدرێت هەر لە هەولێر (17) مافپەروەریش لەلایەن یەکێتی بە فرو فێل و چاوپۆشینی سەندیکای پارێزەران ناسنامەیان بۆ کراوە، ئەویش سەندیکای پارێزەران، بۆیە چاوپۆشی لەو ژمارە کەمە کردووە تاکو تەزویر و ساختەچیاتیەکەی خۆی پێ بشارێتەوە، دڵنیام لەو راستیەش کە بەشێك لەئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا نیگەرانن لەو دیاردە دزێو ناشرینەی پارتی و لقی دوو کە لەرێگەی نوسینگەی جاسوسی ماف پەروەران و سەنتەری بەناو پارێزەران و هەندێك جاریش تەدخولی راستەوخۆی بەرپرسە حزبیەکانی هەولێر بەتایبەتی لەکاتی هاتنە پێشی پرۆسەکانی هەڵبژاردن زەمینە سازی بۆی ناچارن ئەو رەفتارانە ئەنجام بدەن و رای گشتی پێ چەواشە بکەن . جا بە هەموو عەقل و بەشانازی باسی لەسەرکەوتنەکانیان دەکەن ئەوەی جێی سەرنجی هەڵبژاردنی 2007/8/27 ژووری هەولێر گوایە بەناو لەکۆی 1132 پارێزەر 700 ئەندام بەشداری کردووە بەڵام با بزانین ئەوانە کێن:

لە 700 پارێزەری بەشداربوو 214 یان مافپەروەرن لە دەزگا حکومی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایش واتە 486 پارێزەر لێرەشدا (110) پسولەی تەزویری کە بە بێ ئەوەی کەس ئامادەبێت خرایە ناو سندوقی دەنگدان و کە لیستەکەشیان لەحاکم دزی تەنها پێراگەیشتن (50) ناو ئیشارەت لێبدەن دوای بەراورد کردن دەرکەوت کە 63 پسولەی زیاد هەیە بەبێ ئەوەی هیچ پارێزەرێك ئامادەبێت دەنگ بدات .

کەواتە ئەنجامەکەی بەم شێوە دەبێت (277) دەنگ تەزویر کراوە لەبەرژەوەندی کاندیدەکانی پارتی بەکار هاتوە ئەگەر لەسەرجەمی ژمارەی پارێزەران کە 700 کەس (277) دەنگ دەرکەین ئەوا (433) کە بەراستی پارێزەرن و مافی دەنگدانیان هەیە بەشداربون و لەسەرجەمی گشتی (204) مافپەروەر دەرکەین (932) پارێزەر دەمێنێتەوە واتە (499) پارێزەر بەشداری دەنگدانی نەکردوە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەبەشدارنەبوەکان بەهەموو پێوەرەکان براوەن و ئەوان دەبێت سەندیکای پارێزەران بەرێوە ببەن .

هەر چەندە سەرجەمی ئەم پرۆسەیە بەتاڵ دەبێتەوە و نایاساییە چونکە بە پێی ئەو بنەما یاسایەی کە دەڵێت (( مبني على الباطل باطل)) بەڵگەی مادی بە دەستەوەیە سەرەرای هەموو تەزویرەکانی تر 63 پسوولە زیاد رخاوەتە سندوقەکە و دەستی بەسەر داگیراوە و حاکمەکانی سەرپەرشتیاری پرۆسەکەش ئەو راستیە قانونیە باش دەزانن و نابێ ملی خۆیان لە چەقۆی یاسا بدەن و ئیمزا کردنیان لەسەر ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن سیفەتی دادوەری لە دەست دەدەن.

ئەنجامی پرۆسەکەش بەم شێوەیەیە دوای دەرکردنی دەنگە تەزویرەکانی مافپەروەران و لە لیستی پارتی کە مافی دەنگدانیان نیەو 110 پسوڵە

زیاده خراوەتە ناو سندوقەکە ئەنجام دەنگی بە دەست هاتوو بەم شێوەیەیە:

1- ئەیاد کاکەیی 496- 187 دەنگی مافپەروەری ناپارێزەر- 110پسولەی تەزویر= 199 دەنگ

2- مازن هادی475- 187 دەنگی مافپەروەری ناپارێزەر- 110پسولەی تەزویر= 178 دەنگ

3- هێمن غەفور 455- 187 دەنگی مافپەروەری ناپارێزەر- 110پسولەی تەزویر= 158 دەنگ

4- سامی کمال بزاز 265- 17 دەنگی مافپەروەری ناپارێزەر= 248 دەنگ

5- جمال عوسمان 217- 17 دەنگی مافپەروەری ناپارێزەر= 200 دەنگ

6- دلاوەر 114 دەنگ و کە کەسێکی بێلایەنە سەر بە هیچ لیستێك نەبوو.

ئەوەیە راستیەکان!! ئێوە لە بچوکترین شت تا گەورەترین لەو وولاتە فێلی تێدا دەکەن دزی تێدا دەکەن خەڵك چەواشە دەکەن شانازی بەرەفتارو کرداره دزێوەکانتان دەکەن خۆ ئێوە لەهەمووومان باشتر ئەو راستیانە دەزانن لەخۆتان ناپرسن رۆژێك دێت دەچنە زبڵدانی مێژوو چارەنوس و دواڕۆژی ئێوەش وەك دکتاتۆرەکانی تری مێژوو دەبێت. لەزەتی چی لەو سەرکەوتنە چەواشەکاریانە دەکەن , بەڵکو راست وایە ئەو دیاردانە ببنە پەندو بەخۆتاندا بچنەوە و راست ببنەوە بۆچی ئەوەندە لەزەت لەئازاردانی هاونیشتمانی خۆتان وەردەگرن، دەبێت ئەو راستیە بزانن پەتی درۆ کورتە و رۆژێك دێت دەکەونە بەر نەفرەتی گەل و مێژوو، ئەو کاتە خۆتان مێژوو نانوسنەوە.